زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
كۆلێژی پەروەردەی جەستەیی
وزانستە وەرزشیەكان

# (القياس و التقويم )
# (پێوانە و هەڵسەنگاندن)

د. سامان مغديد عبدالله
MSc. In Science in Sport & Exercise Science

٢٠٢٤-٢٠٢٣

# بنەمای  زانستی بۆ تاقیکردنەوەی باش لە بواری وەرزشی

(راستگۆی، جێگیری، بابەتی بوون)

# چەند خاڵێك وادەكات بنەما زانستیەكان بۆ تاقیكردنەوە بدۆزرێتەوە

1. ئەگەر تاقیكردنەوە نویێ دانرابێت، پێویستە بنەما زانستیەكانی بدۆزرێتەوە.
2. كاتێك تاقیكردنەوەی نۆێ، لە ژینگەیەكی (بیانی) دانرابێت وە بوویسترێت لەسەر ژینگەی ناوخۆی یان لە ژینگەیەكی ترجێ بە جێ بكرێت، پێویستە بنەما زانستیەكانی بدۆزرێتەوە.
3. كاتێك تاقیكردنەوە دانرابێت بۆ تەمەنێكی دیاریكراو وە بویسترێت جێ بەجێ بكرێت بۆ تەمەنێكی تر، پێویستە بنەما زانستیەكانی بدۆزرێتەوە.

# بنەمای زانستی بۆ تاقیکردنەوە
# (راستگۆی، جێگیری، بابەتی بوون)

**یەکەم/** راستگۆی تاقیکردنەوە یەکێکە لە بنەما زانستیانە کە پێویستە هەبێت لە تاقیکردنەوە.

راستگۆی پێناسە دەکرێت: (ئەو تاقیکردنەوەی کە سەرکەوتوو دەبێت لە پێوانە کردنی ئەوەی بۆی دانراوە).

یان راستگۆی پێناسە دەکرێت بەوەی ( ئەو ئاماژەیە کە ئاماژە بە ووردی تاقیکردنەوە دەدات، لە پێوانە کردنی دیاردە و خەسلەت و سیفەتی ویستراو بۆ پێوانە کردن)

# سروشتی راستگۆیی

1. راستگۆی پەیوەندی بە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەیە (ئەنجامەكانە) نەوەك بە تاقیكردنەوە خۆی بەڵكۆ ئێمە دەربارەی راستگۆی نمرە و ئەنجامەكان دەدوێن.
2. راستگۆی بە نمرە ئاماژەی پێ دەكرێت واتا ئاماژە بە (راستگۆی و نا راستگۆی) ناكرێت بەڵكو پێویستە ئاماژە بە راستگۆی نمرەی ئەنجامی تاقیكردنەوە بكرێت وەك ئەوەی بڵێن راستگۆی تاقیكردنەوەیەك (0.75)ە بەلأم راستگۆی تاقیكردنەوەیەكی تر (0.45)ە.
3. راستگۆی ناكرێت گشتگیر بێت واتا راستگۆی تایبەتە بە بوارێكی دیاریكراو یان بەكارهێنانێكی دیاریكراو.
4. راستگۆیی جۆرییە واتا راستگۆیی تاقیكردنەوەیەك بۆ پێوانەكردنی دیاردەیەك ناكرێت راستگۆ بێت بۆ دیاردەیەكی تر.

# جۆرەكانى راستگۆيى (أنواع الصدق)

1. راستگۆى ناوەرۆك (الصدق المحتوى أو المضمون).
2. راستگۆى بەستراو بە مەحەك (الصدق المرتبط بمحك) دووجۆرە:

(أ) راستگۆيى هاوكاتى (الصدق التلازمي).

(ب) راستگۆى پێشبينى (الصدق التنبؤي).

3. راستگۆيى گريمانى (الصدق التكويني الفرضي) كە دوو جۆرە:

أ. راستگۆيى رواڵەتى (الصدق الظاهرى)

ب. راستگۆيى خوودى (الصدق الذاتي).

# 1. راستگۆی ناوەرۆك (الصدق المحتوى أو المضمون).

ئەم جۆرە راستگۆییە ئاماژە بە ئەوە دەدات تا چەند تاقیکردنەوە توانای پێوانەکردنی بواری دیاریکراوە لە رەفتار یان شیکردنەوەیەکی رێکی دیاردەو خەسلەت و سیفەتی هەیە.